# سالار نەورۆز: بەداخەوە هونەرمەند لەشارەکەمان سەربەخۆ نییە

**سالار خدر پیرداود لەساڵی ١٩٨٤ لەگوندی سیرمەی سەر بەشارۆچکەی مەخموور لەبنەماڵەیەکی هەژار چاوی بەدونیای پڕ لە ئێش و ئازارو چەوسانەوەی نەتەوەکەی هەڵێناوە، لەخوێندنگەی مەخمووری سەرەتایی قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووەو بەردەوامە لەخوێندن لەپۆلی سێیەمی ناوەندی و نۆبەرەی کارەکەی بەسروودێک لەسەر ١ی شوبات بەناوی (شەهید) تۆمارکردووە،بۆ زیاتر ئاشنابوونی هونەردۆستان بە پێویستمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵ دا ساز بکەین.**



*** سالار نەورۆز بۆ؟**

– نەورۆز سیمبولی بەرخودانی نەتەوەییمانەو رەمزێکی کوردایەتیەو لەم وشەیە پیرۆزترو چاکترم دەست نەکەوت.

*** دەسپێکی کارەکانت بەسروود دەستپێکرد هۆکاری چی بوو؟**

– یەکی شوبات کارەساتێکی دڵتەزێن و جەرگبڕ بوو دژ بەمرۆڤایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی بۆیە حەزم کرد ئەم شەرەفە بە خۆم بدەم کارەکەم بەسروودێک بۆ شەهیدانی ئەم کارەساتە دەست پێ بکەم.

*** شەهید و شارەکەت چۆن کۆ دەکەیتەوە؟**

– شەهید وشارەکەم دوو وشەن کەلێک دانەترازاون شارەکەم دەیان شەهیدی لەرێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان داوە توانیم لەرێگەی ئەم سروودەوە بەیەک دەنگ کۆیان بکەمەوە.

*** کێ هاوکارو هاندەرت بوو؟**

– زۆر سوپاسی بەرێز مامۆستا بەهرام ئیسماعیل بەرێوەبەری پەروەردەی مەخموور دەکەم کە هاوکارییەکی باشی کردووم هەروەها مامۆستا جمیل سنجاوی و مامۆستا جمال جەمیل و کاک ئیسماعیل کوێستانی بەراستی زۆر ماندووبوون لەگەڵم زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** بەرهەمی نوێتان لەبەردەستدایە؟**

– بەڵێ ئێستا دوو گۆرانی لەبەردەستمدایە بەناوی (خۆشەویستی) و (شەراب) کە لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری مەخموور هاوکاری کراوم.

*** بەرای تۆ خۆشەویستی تا چەند پیرۆزییەتی خۆی لەدەست نەداوە؟**

– بەداخەوە لەشارەکەی ئێمە خۆشەویستی تاوانەو لەنێو لاوانیش خۆشەویستی قودسیەتی خۆی لەدەست داوە، هیوادارم گەنجان رێز لەخۆشەویستی بنێن.

*** ئەم وشانە چۆن دەناسێنی؟**

– دایک: سەرچاوەی ژیانە.

– خاک: پیرۆزترین وشە.

–هونەر: دەربڕینی هەستە

*** کام گۆرانیبێژ سەرنجی راکێشاوی؟**

– زەکەریا.

*** ئایا سەرەتا بە لاسایی کردنەوە یاخود رێچکەیەکی تایبەتی خۆت کارەکانت دەست پێ کردووە؟**

– سەرەتا بە لاسایی کردنەوە دەستم بەکارەکانم کردو دواتر توانیم دەنگی خۆم ببینمەوەو رێچکەیەکی تایبەت بەخۆم بگرم.

*** هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین... سوپاس؟**

– زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دیدارە هیوادارم بەپەرۆشەوە هونەرمەندان و بەهرەمەندانی شارەکەمان بەسەر بکەنەوە.. زۆر سوپاس.

# پەیڤێک بۆ ئازادی



**پەروەر پالانی**

دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆڤیەتی پێشوو و بە تاک جەمسەربوونی جیهان، ئیدی نەتواندرا ستەم و زۆردارییەکانی رژێمە دیکتاتۆرو ماکیافیلیزمەکان پەردەپۆش بکرێن و گۆڕانکاری و رووداوە سیاسییە گەورەکانی جیهان بە هۆی نەهێشتن و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو مەترسییەکانی سەر بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر هەموو ئەمانە لە گۆڕینی دیمۆگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە بەرژەوەندی راستەوخۆی نەتەوەکەمان شکایەوەو سەرسەختترین داگیرکەری کوردستان و شەرەفی عەرەبە شۆڤینییەکان کەوتە ژێر پۆستاڵی ئەمریکییەکان و کڵاشی ماندووی پێشمەرگە نەبەردەکانی کوردستان و ئەمرۆش مەسەلەی کورد دەتوانین بڵێین گەیشتۆتە ئاستێک کە لە مێژووی خەبات و بەرخودانی نەتەوەکەمان بە خۆی نەدیوە، لێ ئازادی بە مانا پڕ بە پێستەکەی خۆی تەنێ ئازادبوون لە رەگەزی جیا لە نەتەوەکەی خودی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئازادی بە هەموو لاو لق و پۆپەکانییەوە، ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەوانی و ئازادی بیرو ئایین و ئازادی لە رەخنەگرتن لە دەسەڵات دەگرێتەوە، بەداخەوە تائێستا گەر بە پێوەرێ ئازادییەکان بپێورێت ئەوا زۆر بە ئەستەم ٥٠٪ی ئازادییەکان فەراهەم نەبوونەو تائێستا رۆتین لە بەرنامەو کاری بەرێوەبردنی ئیداری شارو شارۆچکەکاندا دەبیندرێت و تەزکیەی حزبی پاڵنەرێکی ئۆتۆماتیکی دیجیتاڵە بۆ زووترو پوختترو لەجێترو دڵنیابوون لە بە ئەنجام گەیاندنی کارو دامەزراندن و بەرێوەچوونیان، ئەگەرچی نەوەیەکی کورد پێگەیشتووە کە چیدیکە نەتوانێ لە نائازادیدا ژیان بەسەربەرێت و ئازادییەکانی بشێوێندرێت و لێی زەوت بکرێت.

# (سروود حاتەم)ی هونەرمەند کلیپێکی نوێ دەکاتە نۆبەرەی کارە هونەرییەکانی

گۆرانی (هەرتۆم نەدی) لە هۆنراوەی (کامەران کۆیی) و ئاوازی (جەمیل سنجاوی)و ئامادەکردنی مۆسیقای (جەمال جەمیل)، دەسپێکی کارە هونەرییەکانی (سروود حاتەم)ی هونەرمەندە، کە لەو ماوەیەدا لە گوندی سەروچاوەو شاری سلێمانی کلیپی کرد، شایانی باسە



ئەم کلیپە لە بەرهەمهێنانی (سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ)ـەو هونەرمەند (مازن محەمەد) کاری وێنەگرتن و دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوە. وێڕای دەستخۆشی لە هونەرمەند، هیوای سەرکەوتنی لە کارە هونەرییەکانی داهاتوویدا بۆ دەخوازین.

# سەرچاوەی ئاوی دەرماناوە وشکی کرد



سەرچاوەی ئاوەکانی بناری قەرەچووغ زۆرن لەوانە (ئاوی بن بەرد و دەرماناوەو و ترشاوک و کانی خەزەران و گەری مەنجەران...هتد)، کەسەردەمانێک سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بوونە بۆ خەڵکی مەخموورو دەوروبەری هەروا بۆ ئاودێری بێستان و شیناوییەکان پشتی پێ دەبەسترا و سوودی زۆری هەبووە بۆ ناوچەکە، دەرماناوەش یەکێکە لەم سەرچاوانەو دەکەوێتە بناری قەرەچووغ و دیوی رۆژهەڵاتی شاری مەخموورو ئەم سەرچاوە ئاوییە کە دەکەوێتە نێو کەمپی پەنابەرانی باکووری کوردستان بۆ کەمپەکە سوودی زۆربوو، لەگەڵ ئەوەی دەرماناوە لەناوەکەی خۆیدا دەردەکەوێ کە ئاوەکەی رێژەیەکی زۆر کبریتی تێدایەو بۆ ئاوی خواردنەوە بەکارنایێت بۆ ئەم مەبەستە خەڵکێکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی پێست بەکاریان دەهێناو خەڵک لەشارەکانی تر دەهاتن، خۆیان لەنێو ئەم ئاوە دەشوشت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان، ماوەیەکە ئەم ئاوە وشکی کردووەو خەڵکی ناوچەکە هۆکاری وشک بوونی ئەم سەرچاوە ئاوییە دەگەرێتەوە بۆ لێدانی چەند بیرێکی ئیرتوازی کەلەنزیک دەرماناوە لێدراون.

## سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ پیرۆزبایی لەجەماوەر دەکات

بەبۆنەی دووەم ساڵیادی ئازادیی یەکجارەکی دەڤەری مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێر، بەناوی خۆمان و سەرجەم ئەندامانمان لە (سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ) جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی تەواوی خەڵکی کوردستان بەگشتی و جەماوەری خۆڕاگرو کۆڵنەدەری ناوچەکانی (مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێڕ) بەتایبەتی دەکەین، هیواداریـن ئەم ئازادییەمان ببێتە هاندەرێکی مەزن بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەو بەرەو پێشبردنی بزاڤی رۆشنبیری و هونەری لەناوچەکەماندا.

**دەستەی کارگێری**
**سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ**
**٢٠٠٥/٤/١٠**

# سەنتەری فۆرنێت لەمەخموور کرایەوە

بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و پتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و جۆشدانی چین و توێژی لاوان بەهەواڵ و بیروبۆچوونی تازە، بەسەرپەرشتی (م. خالید سەعدی) سەنتەرێکی ئینتەرنێت بەناونیشانی (سەنتەری فۆرنێت) لەمەخموور کرایەوە، شایانی باسە ئەم سەنتەرە زیاتر لەمانگێک دەبێت کراوەتەوەو رۆژانە کەسانێکی زۆر سەردانی ئەم سەنتەرە دەکەن و سوود لەم تەکنەلۆژیا نوێیە وەردەگرن.

## حەیران

**حەیران ئەمن دەرێم: قەراج قەراجە قەراجۆک لەمن لەغێمێ، رەبی گوارەت پیرۆزبی لەگە خەزێمێ، ئەوجا ئەمن دەرێم لەبرندانم وەرێ لەنەویانت دێمێ، لەبە قسەی عالەمێ؛ لۆمەیێ بەدکاران نەتگەیشتمێ دوو قسەی بەدرێ خۆمت برێمێ.**

## چاپکراوی نوێ لە سایەی ئازادیدا











لە ئەنجامی ئەو ئازادییەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بۆ سەرجەم هاووڵاتیان و رۆشنبیرانی شارو شارۆچکە تازە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان فەراهەم بووە، دەتوانین بڵێین زەمینەیەکی گونجاو و لەبار بۆ چالاکی نواندن لە گشت بوارەکاندا رەخساوە، هەر بۆیە هۆزانڤانانی دەڤەری مەخموور لەو ماوەیەدا توانیان بەرهەمەکانیان بە چاپ بگەیەنن و بڵاوبکەنەوە، یەکێک لەوانە کاک (موحسین شوانی) هۆزانڤانە، کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا دوو نامیلکەی چاپ کردووە، یەکەمیان بەناونیشانی (ملیۆنێک و هەشت سەد واژوو)، دووەمیان بە ناونیشانی (سێبەری پاشخانی کورد)، هەروەها کاک (سالار عەبدولڕەحمان مەخمووری) هۆزانڤانیش بەرهەمەکانی لە دوو توێی نامیلکەیەکدا لەژێر ناونیشانی (چاوەڕێ لە شەوانی فرمێسکی وشەکاندا) بە چاپگەیاند، ئێمە لە بڵاوکراوەی (ئازادیی قەرەچووغ) وێڕای دەستخۆشیمان لە هەردوو هۆزانڤان، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.



## گومبەتی برایمی بایز ئاغای دزەیی

دەکەوێتە بناری چیای قەرەچووغ لە دەروازەی بازارگا لە دیوی مەخموورەوە، ئەم گومبەتە ئارامگای خوالێخۆشبووەو لەسەر راسپاردەی خۆی لەم شوێنە نێژراوە، کە دەڕوانێتە دەشتی مەخموورو دەشتی قەراج. برایمی بایز ئاغای دزەیی یەکێکە لەوانەی مەخموورییان ئاوەدان کردۆتەوەو رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە بەرەنگاربوونەوەی بە عەرەبکردنی ناوچەکە لەسەردەمی خۆی و رووباری دیجلەی کردۆتە سنووری سروشتی نێوان کوردو عەرەب لە ناوچەکەدا، بەڵام دوایی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئەو سنوورەیان شکاندووەو پەڕیونەتەوە ئەو بەرەی دیجلە.


ئازادیی قەرەچووغ
Azadi Qereçûx

بەرێوەبەری ئەنجومەنی کارگێری
**جەمیل سنجاوی**
خاوەنی ئیمتیاز:
**شاخەوان خالید**
سەرنووسەر:
**خەلیل ئیبراهیم**

**بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی هەمەرەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لە یادی ئازاد کردنی شاری مەخموورو دەوروبەری دەری دەکات**

ناونیشان: هەولێر- مەخموور- بارەگای هەرێمی قەرەچووغی YNDK
ژمارەی تەلەفۆن: 72496